# کورتەیەك لە مێژووی ماچ



ئامادەکردنی: جەلال ئەحمەد بەرزنجی

ڕەنگە زۆربەمان پرسیاری ئەوەبکەین کە مێژووی ماچ بۆ کەی دەگەڕێتەوەو سەرەتاش لەلای چ نەتەوەیەك سەری هەڵداوە؟ یان ئایا ماچ سوودی هەیە یان زیان، هەروەها بۆچی (11/11) هەموو ساڵێك تایبەت کراوە بۆ ماچ؟ ئایا هیچ شتێك هەیە لەو ڕۆژەدا؟ هەر سەبارەت بە مێژووی ماچ زۆر ئەفسانە هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ کەسێك نەیتوانیوە مێژووەکەی بە تەواوەتی بزانێ و ئەوەش بدرکێنێ کە چ نەتەوەیەك بوونە کە ماچییان داهێناوەو خاوەنی ماچن.

دەتوانم بەشێوەیەکی تر بڵێم: "تاوەکو ئێستا هیچ نەتەوەیەك خاوەنی داهێنانی ماچ نییە" منیش بە باشم زانی سەبارەت بە مێژووی ماچەوە ئەم چەند زانیارییە کۆبکەمەوە بۆ ئەوەی لەبارەی ماچەوە کەمێك زانیاری بە ئێوە ببەخشم.
بێگومان کۆکردنەوەی زانیاریش لەبارەی وشەی ماچەوە لە وڵاتی ئێمە کارێکی وا ئاسان نییە، بەڵام لەبەر بەنرخی ئەم بابەتە بە چاکم زانی چەند واتو زانیارییەك لەبارەی مێژووی ماچ کۆبکەمەوەو، کە ئەویش بەم شێوەیەیە:

## * ماچ و واتاکانی:

دیارە واتاکانی ماچ جیاوازی هەیەو دەگۆڕدرێت، ئەویش بە پێی شوێنی ماچکراو، ماچ جیهانێکی یەکجار زۆر فراوانە هەر بۆیە ماچ کردن بەپێی شوێنەکە ماناو واتای تایبەتی خۆی هەیە:

1) ماچی نێو چەوان: ڕێزگرتنە.
2) ماچی کوڵمە: دۆستایەتییە.
3)ماچی لووت: بە گەورە زانینە.
4) ماچی گوێ: چرپاندنی خۆشەویستییە.
5) ماچی چاو: سۆزە.
6) ماچی سمێڵ: لێبوردنە.
7) ماچی مل: هەست جوڵاندنە.
8) ماچی دەست: ڕێزلێنانە.
9) ماچی پێ: بەکەم زانینە.
10) ماچی قژ: خۆشویستنە.
11) ماچی شان: بە گەورەزانین و ڕێزگرتنە.
12) ماچی مەمك: چێژ وەرگرتنە لە کەسی بەرامبەر، بەتایبەتی ماچی ئافرەت.
13) ماچی لێو: خۆشەویستی و ئارەزووە.

مێژووی ماچ لە هەندێ ئەفسانەدا:

بێگومان تاوەکو ئێستا کەسمان جگە لەچەند ئەفسانەیەك پێگەی مێژووی ماچیان نەدۆزیوەتەوە:

## * ئادەم و حەوا:

ڕۆژێك حەزرەتی ئادەم و حەوا لە بەهەشت لەژێر دارێك درێژ ببوون، هەندێك لەسەر لێوی حەوا نیشتۆتەوە، حەواش لەخەو هەستاوە پێکەنیوە، ئادەمیش لەسەر لێوی حەوا خیرەی لێکردووەو لای داوە، خۆی لێوی حەوای مژیوە.

### * مرۆڤە کۆنەکان:

هەرچی مرۆڤە کۆنەکانن وای بۆ دەچن کە هەناسەی مرۆڤ هێزێکی سیحری تێدایە، بۆیە لەبۆنە ئایینییەکان یەکتریان ماچ کردووە، بۆئەوەی هەناسە بە یەکتر بگۆڕنەوە.

### * خەڵکی ئەسکیمۆ:

خەڵکی ئەسکیۆش، سڵاوکردنیان دانانی لووت لەسەر لووت و هەڵمژینی هەناسەی یەکترە.

### * هۆزەکان:

هەندێك هۆزیش دەڵێن: "بۆنم بکە لەجیاتی ئەوەی ماچم بکەی"، چونکە لایان وایە هیچ ماچ کردنێك بەبێ بۆن نابێت. هەروەها بچووکترین و سادەترین پێناسەش بۆ ماچ بریتییە لە بەیەك گەیشتنی دوو لێو یان هەر شوێنێکی تری دەم و چاو وەك کوڵمەو ناو چاوان و چاو و لووت هەندێك جار دەست و پێش ماچ دەکرێت.

### * ماچ لە ئایینی ئیسلام:

ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەشێوەیەکی جیاوازتر بۆ ماچ دەڕوانێ، ماچ دەکات بەدوو جۆر (حەڵاڵ، حەرام):

1) ماچی حەڵاڵ: ماچکردنی پیاو بۆ خێزانەکەی و ئەوانەی ناشێن ببن بە خێزانی (محرم) ئاساییە.

2) ماچی حەرام: ئەو ماچانەی لەنێوان دوو ڕەگەزی جیاوازدا وەکو (نێرومێ) دەکرێت ئیسلام هەمووی ڕەتدەکاتەوە، واتە (ناشەرعین).

⋆ هەندێ گوتەی ڕۆژئاوایی سەبارەت بە ماچ:

1) ئەگەر ڕۆژی سێ شەمە بپژمی، ئەوا مرۆڤێکی غەریب ماچ دەکەیت.

2) ئەگەر توانیت ئەنیشکت ماچ کەیت، ڕەگەزن دەگۆڕی.

3) ئەگەر لووتت خورا، ئەوا یەکێکی گێل ماچ دەکەیت.

4) ئەگەر مرۆڤێك بە پێوە ئافرەتێك ماچ بکات، ئەوا بەشەڕدێن.

5) ئەگەر ویستت ژانی ددانت بڕوا، کەرێك ماچ بکە.

6) ئەگەر پارچە نانێك یان پەرتوكێكت لێ كەوت هەڵی بگرەوەو ماچی بكە تا تۆش بەد بەخت نەبی.

## * ماچ و سەیرو سەمەرەكانی:

1) ژیانی مرۆڤ نزیكەی دوو هەفتە دەبێتە ماچ، ئەگەر (65) ساڵ بژی.

2) لە فەرهەنگی (گیتسی) جیهانی هاتووە كە درێژترین ماچ لە جیهان لەنێوان (مارك و جریز) دا لە ساڵی (1998) بووە كە (29) كاتژمێری خایاندووە.

3) یەكەم ماچ لە سینەما لە فیلمی "ماچ" بووە لە ساڵی (1896).

4)ئەو فیلمەی زۆرترین ماچی تێدایە ئەویش فیلمی (دون جوان) لە ساڵی (1926) كە (191) ماچی تێدابووە.

5) زۆربەی كچەكان چاویان دەنووقێنن لەكاتی ماچكردن و (30٪) پیاوەكان چاویان دەكەنەوە.

6) زۆربەی كچەكان حەز بە ماچی پیاوی بەرِیش ناكەن.

7) وا باشە ماچكردن نەبێتە كارێكی رِۆژانە بۆئەوەی نرخی خۆی لەدەست نەدات.

⋆ ماچ لەرِووی تەندروستییەوە:

وا باوە كە ماچ تەمەنی مرۆڤ درێژ دەكات، چونكە هۆكارێكە بۆ كەمكردنەوەی دڵەرِاوكێ و پاڵە پەستۆی خوێن.

زۆربەی پزیشكەكان دەڵێن: "كاچ كردن بۆ ددانیش سودی هەیە، چونكە بەو هۆیەوە زیاتر ئاو لە دەم دێتە دەرو دەبێتە هۆی دووركەوتنەوە لە ترشان و پاشماوەی خواردنەكان" هەروەها دەڵێن: "ئەو پیاوەی بۆ كار دێتە دەرەوە خێزانەكەی ماچ دەكات، تەمەنی درێژ دەبێت".

ماچكردن گرنگترین شتە كە خۆشەویستی پی دەردەبرِێت، لەشی مرۆڤیش پرِۆگرامسازی بۆ كراوە بۆ مەبەستی پی هەڵسانی بەسەركەوتوویی، بۆنموونە تەنها یەك ماچ (28) ماسوللكە دەبزوێنێ، (11) ماسوولكە لە لێوەكان و (17) ماسولكەش لە زمان، ماچ هۆرِمۆنەكانی مێشكیش دەبزوێنێ.

## * تێرِوانینی نەتەوەكان بۆ ماچ:

1) چینییەكان: پێیان وابوو ماچ كردن كارێكی دوورە لە رِەوشت چ بە ئاشكرا یا نهێنی، پاشان لەگەڵ تێكەڵ بوونیان بە رِۆژئاوا رِاین گۆرِا.

2) یابانییەكان: لە ژیانی رِۆژانەیان یەكتریان ماچ نەكردووە تاوەكو لەگەڵ رِۆژئاوا تێكەڵ نەبوون، ئەوجا فێری ماچكردن بوون.

3) مەسیحییەکان: لە چاخەکانی ناوەڕاست (ماچی مەسیحی) کە لە بۆنە ئاینییەکانی کڵێسە سەری هەڵدا، ئەو ماچە زۆر لەنێو پیاوان و ئافرەتان بڵاوببوەوە، لەنامەی زانی مەسیحی (پۆلیس) بۆ خەڵکی ڕۆما هاتووە (هەریەك لە ئێوە یەکتر ماچ بکەن بە ماچکردنێکی پیرۆز).

4) ئەندەلوسییەکان: ئەوان تەنها کولمەیان ماچ دەکەن.

5) هیندییەکان: ماچ واتایەکی ڕۆمانسی هەیە کە تامی جەستەیی و دەروونی بە مرۆڤ دەدات.

6) ڕۆمانە کۆنەکان: ماچکردن هەڵسوکەوتێکی ئاسایی و سڵاو بوو لە نێوان هاوڕێیان و کەسە نزیکەکان، بەڵام لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بوو بە شتێکی ڕۆمانسی کە "ماچ دەروون و روح یەك دەخات"، هەروەها سێ جۆرە ماچییان هەبووە:

أ) ماچی خۆشەویستی.

ب) ماچی هاوڕێیەتی.

ت) ماچی سێکسی.

أ) ماچی خۆشەویستی: ئەو ماچەیە کە دوو خۆشەویست لەنێوان یەکتریدا لە یەکتری دەکەن، وەکو ماچی نێوان ژن و مێرد، یان ئەو ماچەی کە دوو عاشق لەیەکتری دەکەن، یان ئەو ماچانەی کە دایك و باوك لە رۆلەکەی دەکات و ......هتد.

ب) ماچی هاوڕێیەتی: تەنیا ئەو ماچانە دەگرێتەوە کە هاوڕێیەکان لەیەکتری دەکەن.

ت) ماچی سێکسی: ئەوماچانە دەگرێتەوە کە لە کاتی ئەنجامدانی سێکسیدا لەیەکتری دەکرێن، واتە لە نێوان ڕەگەزی (نێرومێ) کە بە ماچی سێکسی ناسراوە، کە ئەوەش بە شێوەیەکی گشتی لە وڵاتی فەڕەنسا ئەم شێوە ماچە باوەو هەیە کە ماچی زمانە.

7) فەڕەنسییەکان: ماچکردن وەك خویەکی کۆمەڵایەتی بوو، (لویسی سێیەم) هەموو ژنەکانی ماچ دەکرد بە مەبەستی بەرەکەتی ماڵی مەلیك.

پاشان فەڕەنسییەکان ناویان دەرکرد بەماچی زمان یان ماچی گیان (روح) بۆیە بە فەڕەنسا دەگوترا (وڵاتی سێکس).

8) ئینگلیزەکان: سوار چاکەکان یەکتریان ماچ دەکرد پێش دەست پێکردنی یاری زۆرانبازی، کە مەبەستیان متمانە بوون بوو بە یەکتری.

9) دانیمارکییەکان: ژنەکان کڵاوێکی گەورەیان دەخستە سەر کە لەسەری نوسرابوو "ماچم کە گەر دەتوانی" پیاوەکان زۆر بە زەحمەت توانای ماچکردنیان هەبوو لەبەر درێژی کڵاوەکان.

## سەرچاوەکان:


1) سایتی کوردستان نێت (ماچ و نهێنی).

2) گۆڤاری گوڵان، (سەیرو سەمەرەکانی ماچ).

3) گۆڤاری کۆوار. (ماچ و زانیارییەکان).

4) کتێبی ژیانی هاوسەرێتی (ماچ لەڕووی نەتەوەکان).

5) سایتی کلاو ڕۆژنە (ماچەکانی کۆن).